# ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماری بەپێی هاوکێشەی بوزیمان لە چەند شیعرێکی (فروغی فروخزاد) و (هێرۆ کوردە)دا


**م. ی. دەریا سابیر حەمەد**
**فاکەڵتی پەروەردە / بەشی کوردی**
**زانکۆی کۆیە**

**م. ڕۆژگار محەمەد سابیر**
**فاکەڵتی پەروەردە / بەشی کوردی**
**زانکۆی کۆیە**


تەوەرەی یەکەم:
١ – ١ : ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماری:
١- ٢ : ڕۆڵی زمان لە ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماری:
١ – ٣ : وشە و دەستەواژە و کاریگەری لەسەر شێوازی زمانی شیعر:
تەوەرەی دووەم:
٢ - ١: پێوانی شیعرەکانی هێرۆ کوردە و فروغی فروخزاد بەپێی هاوکێشەی بوزیمان:
٢ – ٢ : پێوانی شیعرەکانی هێرۆ کوردە بەپێی هاوکێشەی بوزیمان:
٢ – ٣ : پێوانی شیعرەکانی فروغی فروخزاد بەپێی هاوکێشەی بوزیمان:
٢ – ٤ : ئاماژەکردن بە ئاوەڵناو و کار لە چەند نمونەیەکی شیعری لەشیعرەکانی (فروغی فروخزاد) و (هێرۆ کوردە)دا:

پێشەکی:

هەروەکو دەزانین شێوازگەری چەندین ڕێباز لەخۆدەگرێت، کە هەریەکەیان پەیڕە و پرۆگرامی تایبەت بەخۆیان هەیە لە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیدا،ئەمەی پەیوەستە بە بابەتەکەی ئێمەوە ڕێبازی شیکردنەوەی ئامارییە، کە یەکێکە لە ڕێبازەکانی شیکردنەوەی شێواز، کە لە ڕێگەی زانستی ئامارەوە جێبەجێ دەکرێت، ڕۆڵی هەیە لە خستنەڕووی شێوازی دەقەکاندا،



e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

بەوەی کە دەتوانێت شێوازی زانستی لە شێوازی ئەدەبی و شێوازی شیعری لە شێوازی پەخشان جیابکاتەوە.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا زیاتر پشت بەستراوە بە ڕێبازی وەسفی و شیکردنەوەی ئاماری، چونکە کار کراوە لەسەر دەقە شیعرییەکان و دیاریکردنی ڕێژەی کار و ئاوەڵناوەکان.

لێکۆڵینەوەکە لە دوو تەوەرە پێکهاتووە، تەوەرەی یەکەم باس لە ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماری و ڕۆڵی زمان لە ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماری کراوە، هەروەها ئاماژە بەمەش کراوە کە تا چەند وشە و دەستەواژە کاریگەری لەسەر شێوازی زمانی شیعر هەیە، لە تەوەرەی دووەمیشدا پێوانی شیعرەکانی هێرۆ کوردە و فروغی فروخزاد بەپێی هاوکێشەی بوزیمان باس کراوە، کە نزیکەی (١٥٠٠) وشە وەرگیراوە لە شیعری هەریەکەیاندا و دواتر ڕێژەی (VAR) خراوەتە ڕوو بە پێی هاوکێشەی بوزیمان، ئەمەش باسکراوە کە بۆچی ڕێژەی (VAR) هەندێکجار بەرزدەبێتەوە و هەندێکجاریش نزمدەبێتەوە، لە پاشاندا ئاماژەمان بە ئاوەڵناو و کار لە چەند نمونەیەکی شیعری لەشیعرەکانی (فروغی فروخزاد) و (هێرۆ کوردە)دا کردووە، دواتر باسمان لە ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان کردووە، پوختەی توێژینەوەکەشمان بە زمانی ئینگلیزی و عەرەبی خستۆتەڕوو.

**تەوەرەی یەکەم:**

**١ – ١ :ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماری:**

لە سەرەتادا پێویستە باس لەمە بکەین، کە شێوازگەری چەندین ڕێباز لەخۆدەگرێت، کە هەریەکەیان پەیڕە و پرۆگرامی تایبەت بەخۆیان هەیە لە شیکردنەوەی دەقی ئەدەبیدا، دەکرێ بگوترێ سەرهەڵدانی ڕێبازەکانی شیکردنەوە مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام لە مامەڵەکردنیاندا لەگەڵ دەقەکاندا لە کۆندا جیاوازی هەبووە لەگەڵ ئێستادا، لە لێکۆڵینەوەی کۆندا زیاتر بایەخ بە خستنەڕووی هونەرەکانی ئەدەب دەدرا، بەڵام لە شێوازگەری نوێدا شیکردنەوەی دەقەکان و دەرخستنی شێوازەکانیان جیاوازە، واتە لە لێکۆڵینەوە نوێیەکاندا شیکردنەوەی زمانەوانی بووە بەشێکی تری لێکۆڵینەوەکان، هەروەها دەتواندرێ بگوترێ جۆرێک پەیوەندی لە نێوان شێوازگەری و زمانەوانی و ڕەوانبێژی و ڕەخنەدا هەیە، کەواتە ((شێوازگەری بریتییە لەو زانستە نوێیەی لە تایبەتمەندییە زمانییەکانی گوتاری ئەدەبی دەکۆڵێتەوە، حەقیقەتی ئەو شێوازانە دەردەخات، کە نووسەرەکان لە نووسینی دەقەکان پەیڕەویان لێکردووە))(ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١٠: ١٦).

هەروەها شیکردنەوەی شێواز هۆکارێکە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ئەدەب و زمان و پشت بە هەردوو لایەن دەبەستێت، کە دەکرێ بگوترێ بەشی ئەدەب و زمان وەها تێکچڕژاون بەناویەکدا، کە لە پێشکەشکردنی دەقی ئەدەبیدا تەواوکەری یەکترن، کەواتە ((شیکردنەوەی شێواز کارکردنە لە بوارێکی تری لێکۆڵینەوەکاندا، کە لە لایەنی تیۆری شێوازگەری دەچێتە لایەنی پراکتیکی، ئامانجی خستنەڕووی سیما و تایبەتمەندییەکانی شێوازە. شیکردنەوەی شێواز


e-ISSN (2522-7130)     p-ISSN (2410-1036)

جۆرەها گۆشەنیگای جیاوازی لەخۆگرتووە، کە هەریەکەیان خاوەن سیستەم و بنەما و ئامانجی تایبەتی خۆیانن، ڕێڕەوی ئاڕاستەی ڕێبازەکانی شیکردنەوە دیاریدەکەن)) (سەباح ڕەشید و نەزیرە سابیر، ٢٠١٧ :١٠٦)، کە بریتین لەمانە: (ڕێبازی شیکردنەوەی وەسفی ، ڕێبازی فیلۆلۆجی ، ڕێبازی ئەرکی ، ڕێبازی شیکردنەوەی ئامار)، کە ئەم ڕێبازانە بازنەیەکی گرینگ پێکدەهێنن لە شیکردنەوەی دەقە ئەدەبییەکاندا، چونکە هەریەک لەم ڕێبازانە تایبەتمەندی خۆی هەیە بۆ شیکردنەوەی لایەنێکی دەق و شێوازەکە(سەباح ڕەشید و نەزیرە سابیر، ٢٠١٧ :١٣٢)، کە بابەتی توێژینەوەکەی ئێمە دەچێتە چوارچێوەی ڕێبازی شیکردنەوەی ئامار.

ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماری یەکێکە لە ڕێبازەکانی شیکردنەوەی شێواز، کە لە ڕێگەی زانستی ئامارەوە جێبەجێ دەکرێت، ڕۆڵی هەیە لە خستنەڕووی شێوازی دەقەکاندا، بەوەی کە دەتوانێت شێوازی زانستی لە شێوازی ئەدەبی و شێوازی شیعری لە شێوازی پەخشان جیابکاتەوە، هەندێک لەشێوازناسان لەگەڵ ئەوەدا نین کە بابەتی شێواز بکەوێتە چوارچێوەی ئامار و ماتماتیک، بە تایبەت لە بواری ئەدەبیدا، کە بابەتی هەست و سۆز و بیر لەگەڵ هاوکێشە وشک و ڕووتەکانی ماتماتیک ناگونجێت، بەڵام زۆر لە شێوازناسان لەو بڕوایەدان کە ئامار ئامرازێکی لەبارە بۆ توێژینەوە و شیکردنەوەی شێواز، بە تایبەتی لە ئاستی زماندا، چونکە سروشتی زمان خۆی و کەرەستەکانی بۆ پرۆسەی ئامار دەست دەدەن(بیر جیرو، ١٩٩٤: ٨٦)، مامەڵەکردنی ئەم ڕێبازە لە هەموو بوارە زانستییەکاندا جیاوازیان هەیە، بەکارهێنانی شیکردنەوەی شێوازی ئاماری باسێکی جیاوازە لە خودی خۆی، بەڵام لە پێکهاتەی ڕێزمانیدا لە شیکردنەوەی دەقدا بۆ گەیشتن بە دەرەنجامی شێوازەکە، لە ڕێگەی چەندێتی، ژمارەی ئاوەڵناو ، ژمارەی کاری ڕستەکانەوە سەرچاوە دەگرێت(سەباح ڕەشید و نەزیرە سابیر، ٢٠١٧ :١٢٥).

کەواتە ئامار لە ڕووی چەندییەوە ئامرازێکی بەکەڵکە، ڕیبازی شیکردنەوەی ئاماری بۆ گەیشتن بە شێوازی دەقێک، لە ڕێگەی چەندییەوە دەستپێدەکات و لەپێناو بەرژەوەندی بەهای ژمارەدا پێشنیازی دورخستنەوەی (حدس) دەکات، نوسەران و لێکۆڵەران سەبارەت بە ئەنجامدانی پرۆسە ئامارییەکان بیروڕای جیاوازیان هەیە، لەوانە (پیرجیرۆ) کە پێی وایە ژماردنی وشە فەرهەنگییەکان پرۆسە ئامارییەکە بە ئەنجام دەگەیەنێت، کەچی (فۆکس) پرۆسەکە بە کورتی و درێژی وشە و ڕستەوە دەبەستێتەوە، بەڵام (ج. میلس) ڕایەکی تەری هەیە و پێی وایە پەیوەندی نێوان کار و ناو و ئاوەڵناوەکان پرۆسە ئامارییەکان بە ئانجام دەگەیەنن(پەخشان عەلی، ٢٠٠٩: ٣٦).

پێوانەی چەندی یاخود ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماری لە شێوازدا لەم بوارانەی خوارەوەدا بەکاردێت:

١. ژمارەی بەکارهێنانی یەکەی جۆراوجۆری فەرهەنگی یاخود ڕێژەی بەکارهێنانی هەندێ یەکەی دیاریکراوە.

٢. ڕێژەی بەکارهێنانی هەندێ پێکهاتەی زمان، وەک(ئاوەڵناو ، کار ، ئاوەڵکار ، ناو ، ...هتد).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٣. ڕێژەی بەکارهێنانی وشەی کورت و درێژ.

٤. درێژی و کورتی ڕستەکان.

٥. جۆری ڕستە وەک (ڕستەی ناوی ، ڕستەی کاری ، ڕستەی سادە ، ڕستەی لێکدراو،...هتد).

٦. ڕێژەی (خوازە ، خواستن، ...هتد)(شەعبان چالی، ٢٠٠٨: ٣٩).

دەکرێ بگوترێ دوبارەبونەوەی هەریەک لەم یەکە و پێکهاتییە زمانیانەی سەرەوە بە ڕێژەیەکی زۆر، بە نیشانەی شێوازی دادەنرێت، کە بە ڕێژە و چڕی و بڵاوەیی جۆراوجۆر بەدیاردەکەون، کە دەتواندرێ بەڕێژەکانی بەدەستهاتوو زۆر لایەنی شێوازی بەرهەمەکان بخرێتە ڕوو (سعد مصلوح، ١٩٩٢: ٣٤)، هەروەها دەکرێ ئەوەش بگوترێ دەقێکی ئەدەبی بەو هەموو جوانکاری و هونەرەی تێیدا بەکادەهێنرێت، سروشتێکی زمانەوانی هەیە، بەڵام کە ئاماری پێکهاتە زمانییەکانی تێدادەکرێت سروشتێکی ژمارەیی وەردەگرێت، ئەمەش هەندێک لە بەهای ئەدەبی و شیعری دەقەکە دوریدەخاتەوە، چونکە زیاتر پشت بە ژمارەی (ناو ، جێناو ، ئاوەڵناو ، کار ، ئاوەڵکار و ئامرازەکانی بەستنەوە) دەبەستێت، لە شیکردنەوەی ئاماردا لێکۆڵەر ئاماژە بە ژمارەی کارەکان دەکات و جۆر و کاتی کارەکان دەخاتەڕوو، کە دوا قۆناغ بەراوردکردنی هەردو بەشی ئاوەڵناو و کارە، بۆ ئەوەی بگاتە ئەو دەرەنجامەی کە شێوازەکە دیاری دەکات))،(سەباح ڕەشید و نەزیرە سابیر، ٢٠١٧: ١٢٦)

پێویستە لە کاری ئاماریدا بە وردبینییەوە سەرنج لە سێ دەستور بدەین:

١. کار و بابەتی ژماردنەکە بە وردی بناسێنین و نیشانی بدەین.

٢. لە کەسێک داوای یارمەتی بکەین، بۆئەوەی بتوانێت بە دروستی و وردی کاری ژماردنەکە ئەنجام بدات، یان لە ڕێگەی کۆمپیوتەرەوە ئەم کارە ئەنجام بدەین.

٣. دڵنیابین کە ئامار ئاگاداری لە بابەتی توێژینەوەکەمان دەکات.(محمود فتوحی، ١٣٩١: ١٧١).

یەکێ لە هاوکێشە گرینگەکانی بواری شیکردنەوەی ئاماری لە شێوازدا هاوکێشەی بوزیمانە، کە زانای ئەڵمانی (أ.بوزیمان - A.Buseman) لە ساڵی ١٩٢٥ ئەم هاوکێشەی لە لێکۆڵینەوەکەیدا خستەڕوو، کە لەسەر دەقی ئەڵمانی جێبەجێی کردووە، هەروەها لە لای دەرکەوت ئەو ڕێژەیە واتا کار لە مرۆڤی هەڵچودا زیاترە لە دەربڕینی وەسف، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا ڕێژەی کار بەرامبەر بە وەسف لە ئاخاوتندا زیاترە وەک لە نوسین، دواتر زانای دەرونناسی ئەڵمانی (ڤ.نوبیاور – V.Neubawar) تێبینی ئەوەی کرد کە تەمومژییەک لە بەکارهێنانی زاراوەکاندا هەیە، بۆیە ڕودانی کاری گۆڕی بۆ ژمارەی کار و وەسفی گۆڕی بۆ ژمارەی ئاوەڵناو، هاوکێشەکە بەم شێوەیەی لێهات:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ڕێژەی کار بەرامبەر ئاوەڵناو = ژمارەی کار / ژمارەی ئاوەڵناو

لە زمانی ئینگلیزیدا بە (VAR) ناودەبرێت کە کورتکراوەی (Verb Adjective Ratio)ە.
لێکۆڵینەوەکان بەدیاریان خستووە کە ڕێژەی (VAR) بەپێی جۆری بابەت و تەنانەت ڕەگەز و تەمەنی خاوەن بابەت دەگۆڕدرێت، بۆ نمونە لە شیعردا ئەم ڕێژەیە بەرزدەبێتەوە لە پەخشاندا دادەبەزێت، لە ئەدەبدا بەرز دەبێت، بەڵام لە زانستدا دادەبەزێت، لە ڕەگەزی مێدا ئەم ڕێژەیە زیاترە وەک لە ڕەگەزی نێر، کەواتە هاوکێشەی بوزیمان دەقی ئەدەبی جیادەکاتەوە، لەگەڵ پیشاندانی خاسییەتەکانی دەقەکە لە ڕێگەی دیاریکردنی ڕێژەی ئەو وشانەی لە ڕووداو و کار دەدوێن، لەگەڵ ئەو وشانەی لە وەسف و ئاوەڵناو دەدوێن بە شێوەیەکی ئاماری، ئەگەر ژمارەی کارەکان زیاتربوون ئەوا سروشتی زمان نزیکتر دەبێتەوە بۆ شێوازی ئەدەبی و ئەو دەربڕینە بە کاری چالاک ناو دەبرێت، ئەگەر ژمارەی ئاوەڵناوەکان زیاتربوون ئەوا سروشتی زمان نزیکتر دەبێتەوە لە شێوازی زانستی و ئەو دەربڕینە بە دەربڕینی وەسفی ناودەبرێت، واتە ئەم هاوکێشەیە بەکاردێت بۆ پێوانەکردنی تایبەتمەندییەکان و دیاریکردنی زمانی ئەدەبی لە ڕووی چەندایەتی، کە شیکردنەوەی ئامار یارمەتیدەرە بۆ دیاریکردنی شێوازی نوسەرێکی دیاریکراو، بۆئەوەی بتوانێ لەم ڕێگەیەوە دەقەکە بگەڕێنێتەوە بۆ خاوەنەکەی(سعد مصلوح، ١٩٩٢: ٧٣ - ٨٣).

### ١ – ٢ :ڕۆڵی زمان لە ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماری:

بێگومان هەروەکو دەزانین ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماری لەسەر دەق جێبەجێدەکرێت، هەموو دەقێکیش لە چەند یەکەیەکی زمانی وەکو دەنگ و فۆنیم و مۆرفیم و بڕگە و وشە و ڕستە و ناو و ئاوەڵناو و ئاوەڵکار و کار و ئامراز پێکدێت، واتە دارشتن و بنیاتنانی هەر دەقێک بەهۆی کەرەسە زمانییەکانەوە دەبێت، کەواتە لێرەدا گرینگی و ڕۆڵی زمان دەردەکەوێت لە ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماری، چونکە زمان یەکەم کەرەسەی ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماری دەبێت، کە ئەم ڕێبازە کار لە سەر چەندیەتی ئەم یەکە زمانیانە دەکات، بۆ دەستنیشانکردنی شێوازی دەقی ئەدەبی.

ئەوەی زۆر پێویستە بۆ شیکردنەوەی شێواز بەپێی ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماری جەختی لەسەر بکرێتەوە، ئاستەکانی شیکردنەوەی زمانەوانییە، شیکردنەوەی ئامار لەم ئاستانە کاردەکات:

١. ئاستی شیکردنەوەی دەنگەکان: ئەو دەنگانە دەگرێتەوە، کە کاریگەریان لەسەر گۆڕانکاری لە واتادا هەیە، وەک (وەستان ، کێشی شعری ، هێز ، ئاوازە).
٢. ئاستی درکاندن و دەربڕین یەکێکە لە گرینگترین ئاستەکانی دەقی ئەدەبی، گرینگترین ئاستە بۆ شیکردنەوەی شێواز، کە دەتواندرێت لەو ڕێگەوە بگەینە واتای مەبەست لە


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەقەکەدا، لێکۆڵینەوە لە وشە و لێکدانیان بکرێت، لەگەڵ ئاماژەکردن بە شێوەی داڕشتن و کاریگەرییان لەسەر بیر، میتافۆڕ(خوازە)کان لە دەقەکان دەستنیشان بکرێن بە تایبەتی ئەو وێنە خوازەییانەی کە سروشتی خواستنیان لە دەستداوە، لەگەڵ تێپەڕبونی کات و بەکارهێنانیان بوونەتە خوازەیەکی مردوو.

٣. شیکردنەوەی لێکدانەکان: لێکۆڵینەوە لەم ئاستەدا ڕەگەزێکی گرینگە بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی شێوازگەری هەر نوسەرێک، دەتواندرێت لێکۆڵینەوە لە ڕستەکان بکرێت لە ڕووی درێژی و کورتی و مەرجەکانی لێکدانی کەرەسەکان و بەکارهێنانی ئامرازەکانی پێکبەستن و ڕێکخستن و چۆنیەتی لێکدانیان، ڕەچاوکردنی کاتی ڕوودانی کارەکان(سەباح ڕەشید و نەزیرە سابیر، ٢٠١٧: ١٢٩).

هەروەها دەکرێ بگوترێ زمان وەک چۆن هێڵێکی نەپچڕاوە بەنێو کایەکانی دەقدا، شیعرییەتیش هاوشانی ئەو لەنێو دەقدا خۆی دەدۆزێتەوە، مادام شیعرییەت لقێکە لە لقەکانی زمانناسی، کەواتە کارە زمانییەکانیش پەیوەندیان بە شیکردنەوە و لێدوان لەسەر ئاستەکانی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتاسازییەوە هەیە، بنیاتی هەر دەقێکی ئەدەبیش لەم ئاستانە خاڵی نییە(ژوان عەبدولسەلام،٢٠١٤:٦١)، واتە دەتوانین لەڕێگای ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماری کارە زمانییەکان ئەنجام بدەین لەسەر دەقی شیعری، بۆ ئەوەی بتوانین دەستنیشانی شێوازەکەی بکەین.

کاتێک ئامار بەکاردەهێنین لە لێکۆڵینەوەی زماندا، بە دوو قۆناغدا تێپەڕدەبین:

١. ئامانجی بەکارهێنانی ئامار بۆ پێوانکردنی تایبەتمەندییە گشتییە هاوبەشەکانە.

٢. ئامانجی بەکارهێنانی ئامار بۆ گەیشتنە بە تایبەتمەندییە لێکجیاییەکان لە نێوان شێوازەکاندا.(سعد مصلوح، ١٩٩٢: ٥٢).

**١ – ٣: وشە و دەستەواژە و کاریگەری لەسەر شێوازی زمانی شیعر:**

هەروەکو دەزانین ئەو وشە و دەستەواژانەی شاعیر بەکاریان دەهێنێ لە دەقە شیعرییەکەیدا، کاریگەری خۆی هەیە لەسەر شێوازی زمانی شعرەکە، کە ئاشکرایە زمان تایبەتە بە مرۆڤ و هەر زمانیشە مرۆڤ لە زیندەوەرانی تر جیادەکاتەوە، دەبێ ئەوەش بزانین کە زمان لە گۆڕانێکی بەردەوام دایە، چونکە زمان ((لەدایکبووی کۆمەڵە، بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە و بەپێی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەویش گۆڕانی بەسەردا دێت)) (عەبدولسەلام نەجمەدین، ٢٠٠٧: ٧)، هۆکاری ئەم گۆڕانەی زمانیش ئەوەیە کە وەڵام دەرەوەی پێویستییەکانی هەموو سەردەمێکە، کە زمانی هەر کۆمەڵگایەک گوزارشت لە هۆشیاری و زانیاری و ئاستی ڕۆشنبیری ئەم

کۆمەڵگایە دەکات لە قۆناغ و سەردەمێکی دیاریکراودا، کە جیاوازە لەگەڵ سەردەم و قۆناغیکی تر، هەروەکو دەزانین زمانیش کەرەستەی سەرەکی و بنەڕەتی ئەدەبە، واتە ((کەرەسەی هۆنیار وشەیە، وەکو چۆن لای وێنەکێش ڕەنگە، زمانیش وەکو هەموو شتێکی تر لە گۆڕاندایە، زمانی شیعری ئەمڕۆ هی دوێنێ نییە و هەڵبەتە هی داهاتوش هی ئەمڕۆ نابێ)) (حوسێن مەحمود ، ۲۰۰۸: ۲۹).

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زمانی شیعر گۆڕانی بەسەردا هاتووە لەم ڕۆژگارەدا، بۆ نمونە زمانی شیعری کلاسیکی زیاتر دیاردەی ڕەوانبێژی و فەرهەنگسازی پێوە دیارە، تەنانەت کێشەی تێگەیشتن لە شیعری کلاسیکیدا کاریگەری خۆی هەبووە لە ڕۆژگاری خۆیدا، بەڵام شیعری نوێ و هاوچەرخ هەرچەندە دیاردەی سیمبولیزمی پێوە دیارە، بەڵام خوێنەری شیعری نوێ و هاوچەرخ توشی کێشەی تێگەیشتن نابێت، چونکە وشەکان دیاردەی نامۆیی پێوە دیار نییە، لە ڕوی بەکارهێنانی ڕۆژانەوە، هەروەها شاعیری هاوچەرخ جۆرە زمانێکی شیعری بارگاوی بەکاردەهێنێت وەک دەلالەت بۆ تواناکانی زمان بۆ بەخشینی زیاتر لە واتا و دەلالەتێک بۆ مەبەستێ.

زمانی شیعری زمانێکی تایبەتییە و لە ئەنجامی بەکارهێنانی تایبەتی زمانەوە دەبێت، لە لایەن شاعیرەوە دروست دەبێت بۆ گەیاندنی بە مانایەکی نوێی جیا لە مانا ئاساییە بڵاوەکەی ناو خەڵک...شیعر تایبەتمەندییە هونەرییەکەی دیار دەکرێت، واتا لەو ڕووەوە لە شێوەیەکی تایبەتی دەربڕینە(پەرێز سابیر، ۲۰۰٦: ۲۸۳) هەروەها ئەرستۆ پێی وایە کە ((زمانی شیعری لە زمانی ئاسایی جیایە و بۆ ئەوە دەچێت کە شاعیر مافی ئەوەی هەیە زمانێکی تایبەت بەکاربهێنێت، کە لە زمانە ئاساییە بڵاوەکەی ناو خەڵک دور بێت، هەروەها پێی زمان لە شعردا دەبێ ڕوون بێ، نابێ پەڕپووت بێ))( پەخشان عەلی، ۲۰۰۹، ۱۷۹)، چونکە ئەو زمانە ئاساییەی کە لەناو هەموو خەڵکدا باوە و قسەی پێ دەکەن((ئەو توانایەی نییە کە هەموو جۆرە دەربڕینێکی ناوەوەی ناخ و جۆرەها بیروبۆچونی سروشتی تازە ببەخشێ بە وشە و گوتنەکان، خۆ ئەگەر ئەوەشی هێنایەدی، ئەوا ئەو کاریگەرییەی نابێ بەسەر گوێگر یان خوێنەرەوە، ئەگەر ئەو دەربڕینانەی بە زمانی ئاسایی دەرببڕێ)) (خانزاد عەلی، ۲۰۰٤: ۳٤) کەواتە زمانی ئاسایی پێوەری یەکەم و سەرەکی دیاریکردنی لادانە، چونکە دەقی ئەدەبی بەتایبەتیش شیعر بە لادان لە یاساکانی زمان بەرهەم دێت و لە سێ قۆناغ دەرباز دەبێت و بەم شێوەیە لە زمانی ڕۆژانە جیادەبێتەوە:

وشەکان بە تەواوەتی لە زمانی پێوەر وەرنەگیراون، زۆرجار شاعیر وشە دادەهێنێ.

١. لە شیعر بەتایبەتی و لە جۆرەکانی تردا، شێوازی جۆراوجۆری زمان دەتوانرێ لەگەڵ یەکتردابێن وەکو(زمانی فەرمی ، دیالێکت ، شاری ، لادێیی...).

٢. زمانی شیعری خاوەن سیمای وشەسازی و ڕستەسازی و ڕێزمانی تایبەتی خۆیەتی، بە مەرجێک زمانی دەق و زمانی بە پێوەر دانراو لەیەک قۆناغدا بن(سافیە محەمەد، ۲۰۱۳: ۱۰).


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

زمان کۆگایەکی گەورەی وشە و ڕستە و دەربڕینی جیاجیایە، قسەپێکەرانی زمان لە یەک کاتدا ناتوانن سود لە هەمووی وەربگرن، بەڵکو وشەیەک لە نێوان سەدان وشە و ڕستەیەک لە نێوان سەدان ڕستەدا هەڵدەبژێرن بۆ دەربڕینی مەبەستەکەیان، لە زمانی شیعری دا شاعیر وردەکارترە لە هەڵبژاردن وشە و ڕستە و دەربڕینەکاندا، هەر شاعیرێکیش بەهۆی توانا فەرهەنگی و دەربڕینەکانی جۆری زمانی دەقەکەی دەگۆڕێ، دیاردەی توانای زمانی و شێوازی زمانی شیعری لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر جیاوازی هەیە، کەواتە هەر شاعیرێک شێوازێکی زمانی شیعری خۆی هەیە، کە ئەم تایبەتی بونی زمانی شیعرە پێی دەگوترێت شێوازی شاعیر، شێوازی لە هەڵبژاردنی وشە و دەربڕینەکان ، شێوازی لە هەڵبژاردنی جۆری ڕستەکان ، شێوازی لە بەکارهێنانی خوازە و خواستن و بەکارهێنانی وەسف و ئاوەڵناوەکان و یەکە زمانییەکانی تر(هیمداد حوسێن، ٢٠١٠: ٥٨٢ - ٥٨٣).(س. م. باورا) پێی وایە: (هەموو شۆڕشێک لە شیعردا بە پلەی یەکەم کێشەی فەرهەنگی شیعری و بەکارهێنانی وشەیە)، واتە مامەڵەکردنی شیعر لەگەڵ زماندا بەو شێوەیە نییە کە خۆی زمان هەیە، بەڵکو بەو جۆرێکە کە دەبێت ببێت(هیمداد حوسێن، ٢٠١٠: ٤٧٦)، واتە هەموو ئەو داهێنانە لە لای شاعیرە و لە شاعیرەوە سەرچاوە دەگرێ، کە هونەری هەڵبژاردنی دەستەواژە و ڕستەکان و ئیشکردن لەنێو پێکهاتەی دەقدا دەبێتە کاری ئەو، کەواتە گرینگیدان بە ئاستەکانی زمان و پێکهاتەکەی، گرینگیدانە بە دەرخستنی شێوازی زمانی شیعری کاریگەر.

ئەو وشە و زاراوانەی لە شیعرێک یان پەخشانێکی ئەدەبیدا بەکاردێن هەمان ئەو وشە و زاراوانەن، کە لە زمانی ئاسایی ڕۆژانە بەکاردێن، بەڵام بە شێواز و واتا و مەبەستی تر، ئەمەش بۆ ئەم ئامانجە دەگەڕێتەوە کە شاعیر هەوڵی بۆ دەدات، کە وشە و زاراوەکانی تەنیا بۆ تێگەیشتن و گەیاندن بەکارناهێنێ، بەڵکو بۆ سەرنجراکێشانە و شاعیر دەیەوێ سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، بە زمانێکی جیاوازتر و کاریگەرتر بنوسێ، بۆیە دەستکاری ئەو زمانە دەکات و هەوڵدەدات بە زمانێکی فرەواتا و لە پشت وشەکانەوە ئەوەی هەیەتی دەریببڕێت، کە ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی شێوازی زمانی شیعری جیاواز و تایبەت بەم شاعیرە دروست ببێت.(سافیە محەمەد، ٢٠١٣: ١٦)، کەواتە دەکرێ بگوترێ وشە و ڕستە و دەستەواژە و کەرەستە زمانییەکان وەک هەویرێکن لەبەر دەستی شاعیر، بەپێی ویست و ئارەزووی خۆی شێواز و چەشنە داهێنانی هەمەڕەنگیان لێ دەسازێنێت و ئەو توانا و بەهرە زمانییانە دەدۆزێتەوە، کە لە پشت وشە و ڕستەکاندا شاردراونەتەوە.


e-ISSN (2522-7130)                    p-ISSN (2410-1036)

## تەوەرەی دووەم:

## ٢ – ١: پێوانی شیعرەکانی هێرۆ کوردە و فروغی فروخزاد بەپێی هاوکێشەی بوزیمان:

یەکێک لەو هاوکێشە گرنگ و سەرنجڕاکێشانەی لە بواری ئامارە شێوازدا بەکاردێت، هاوکێشەی (بوزیمان)ە، ئەم هاوکێشەیە بۆ جیاکردنەوەی دەقی ئەدەبی بەکاردێت، ئەم هاوکێشەیە هەڵدەستێت بە پشاندانی خاسیەتی دەقەکە لە ڕێگەی دیاریکردنی ئەو وشانەی کە لە ڕووداو دەدوێن لەگەڵ ئەو وشانەی کە لە وەسف دەدوێن بە شێوەیەکی ئاماری، ئەم ڕێژەیە واتە ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو کە بە ئینگلیزی بە (VAR) ناودەبرێت هەروەکو لە پێشوتردا ئاماژەمان پێداوە، ئەدەبییەتی شێوازەکەمان بۆ دەردەخات، واتە پوختەی ئەم هاوکێشەیە جیاکردنەوەی دەقی ئەدەبییە بەهۆی دیاریکردنی ڕێژەیی لە نێوان دوو لایەن ئەوانیش، کار و ئاوەڵناون(سعد مصلوح، ١٩٩٢: ٧٤)، تاوەکو ڕێژەی کار زیاتر بێت ڕێژەی (VAR) بەرزدەبێتەوە و دەقەکە بە دەقێکی بەرزی ئەدەبی ئەژماردەکرێت.

دەتوانین ئاماژە بەوەش بدەین کە ڕێژەی (VAR) لەم بارانەی خوارەوەدا دەگۆڕێت(سعد مصلوح، ١٩٩٢: ٨٠):

١. لە زمانی قسەکردن ڕێژەی (VAR) بەرزدەبێتەوە، بەڵام لە بەرامبەردا لە زمانی نوسین ئەم ڕێژەیە کەمترە.
٢. لە دەقە دیالێکتییەکان ڕێژەی (VAR) بەرزدەبێتەوە، بەڵام لە بەرامبەردا لە دەقە ستانداردییەکان ڕێژەی (VAR) نزم دەبێتەوە.
٣. لە دەقە شیعرییەکان ڕێژەی (VAR) بەرزدەبێتەوە، بەڵام لەبەرامبەردا لە دەقە پەخشانییەکان ڕێژەی (VAR) نزم دەبێتەوە.
٤. لە کاری ئەدەبی وەکو (چیرۆک و شیعر و گێڕانەوە و شانۆ) ڕێژەی (VAR) بەرزدەبێتەوە، بەڵام لە کاری زانستی ئەم ڕێژەیە نزم دەبێتەوە.
٥. لە پەخشانی ئەدەبی ڕێژەی (VAR) بەرزدەبێتەوە، بەڵام لە پەخشانی ڕۆژنامەوانی ئەم ڕێژەیە نزم دەبێتەوە.
٦. لە شیعری گۆرانیدا ڕێژەی (VAR) بەرزدەبێتەوە، بەڵام لەبەرامبەردا لە شیعری بابەتی(شانۆیی) نزم دەبێتەوە.

پێویستە ئاماژە بەوەش بدەین کەوا تەمەن و ڕەگەزیش دو لایەنی گرینگن بۆ بەرزبونەوە و نزمبونەوەی ڕێژەی (VAR) ، کە ئەگەر ڕێژەی (VAR) ببەستینەوە بە قۆناغەکانی تەمەن لە تەمەنی منداڵی و گەنجی بەرزدەبێتەوە، بەڵام لە تەمەنی پیری کەمدەبێتەوە، لە کارەکانی نوسەر کە بەپێی مێژوو ڕێکی دەخات، دەبینین ڕێژەی (VAR) کەمدەکات لەم نوسینانەی کە دەچێتە چوارچێوەی کۆتایی تەمەنی بە بەراورد بەو نوسین و بەرهەمانەی کە پێشوتر هەی بووە.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەروەها ڕەگەزیش بەهەمان شێوە پەیوەندی بە ڕێژەی (VAR)ەوە هەیە، کە ئەم ڕێژەیە لە لای ژن واتە ڕەگەزی مێ ئارەزوی بەرزبونەوە دەکات، لەبەرامبەردا لە لای پیاوان ڕێژەی (VAR) کەمدەکات، ئەمەش بەڕوونی دیار و بڵاوە لە شیعر و ئەدەبی ژناندا بە بەراورد بە شیعر و ئەدەبی پیاوان.

دەبێت ئەوەش بزانین، کە وشە بنەمایەکی سەرەکییە لەم هاوکێشەیەدا و پێوانە و هەڵسەنگاندنی شیعر بەپێی ئەم هاوکێشەیە پشت بەجۆری بەشەئاخاوتنی وشە دەبەستێت، کە ئەوانیش کار و ئاوەڵناون، کە لێرەدا بۆ گەیشتن بە ڕێژەی بەکارهێنانی هەریەک لە بەشەکانی زمان لە شیعری هێرۆ کوردە و فروغی فروخزاددا، دوو بەشی سەرەکیمان وەرگرتووە، ئەوانیش (کار و ئاوەڵناو)ن، بۆ ئەم مەبەستەش میتۆدی ئاماری بەراوردکاریمان بەکارهێناوە و لە لای هەر شاعیرێکیش نزیکەی (١٥٠٠) وشەمان لە چەند پارچە شیعرێکی شاعیرانی ناوبراو وەرگرتووە، ئەوەی جێگەی ئاماژەبۆکردنە بۆ دیاریکردنی ڕێژەی (VAR)، بۆیە ئاماژەمان بە ڕێژەی وشە داوە، چونکە لە شیعری هاوچەرخ و نوێدا درێژی و کورتی دێڕەکان لە شاعیرێکەوە بۆ شاعیرێکی تر و لە شیعرێکەوە بۆ شیعرێکی تر دەگۆڕێت، کە بەپێی ڕێژەی وشەی وەرگیراو ڕێژەی (VAR)مان دیاریکردووە و لە کۆتاییدا ئەنجامەکانمان بەراورد کردووە لە لای هەردو شاعیر.

## ٢ – ٢: پێوانی شیعرەکانی هێرۆ کوردە بەپێی هاوکێشەی بوزیمان:

ئێمە بۆ دیاریکردنی ڕێژەی (VAR) لە شیعرەکانی (هێرۆ کوردە) [1]دا، نامیلکە شیعری (دەنووسم یوسف)مان وەرگرتووە، کە نزیکەی (١٥٠٠) وشەیە لە ساڵی (٢٠١٣)دا بڵاوکراوەتەوە(هێرۆ کوردە، ٢٠١٣)، لە کاتی پێوانەکردنی شیعرەکانی (هێرۆ کوردە) بەپێی هاوکێشەی بوزیمان، ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو (VAR) بەم شێوەیەی خوارەوە دەرکەوت:

ژمارەی کار لە شیعرەکانی (هێرۆ کوردە)دا: ٤٣٩

ژمارەی ئاوەڵناو لە شیعرەکانی (هێرۆ کوردە)دا: ٢١٧

$$\text{ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو}(VAR) = \frac{\text{ژمارەی کارەکان}}{\text{ژمارەی ئاوەڵناوەکان}}$$

$$\text{ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو}(VAR) = \frac{٤٣٩}{٢١٧}$$

$$\text{ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو}(VAR) = ٢،٠٢$$

[1] ناوی تەواو: هێرۆ حسام الدین محی الدین ناسراو بە هێرۆ کوردە لە دایک بووی ساڵی ( ١٩٨٩) لە شارە جوانەکەی کەرکوک لە دایک بووم، بەکالۆریۆسم لە زمان و ئەدەبی کوردی بەدەست هێناوە.لەساڵی ( ٢٠١٧) لە زانکۆی چەرمۆ ماستەرم لە ئەدەبی کوردی وەرگرتووە. لە تەمەنی (١٨) ساڵی یەوە دەستم بەنووسین کردووەو یەکەم بەرهەمم بڵاوکردۆتەوە بەناوی ( سوتانەکانم لە وەرزی فڕین دا) وە لە تەمەنی (٢٤) ساڵی دا دووەم بەرهەمم بەناوی ( دەنوسم یوسف ) بڵاوکردەوە، لە ئێستادا لە یەکێک لە قوتابخانەکانی شاری کەرکوک مامۆستام.(چاوپێکەوتن لەگەڵ شاعیر، ١٨-٣-٢٠١٨، کەرکوک).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەتوانین ئەنجامی ئامارەکە لەم خشتەی  خوارەوەدا بخەینەڕوو:

| شاعیر | ڕێژەی بەکارهێنانی کار | ڕێژەی بەکارهێنانی ئاوەڵناو |
|---|---|---|
| هێرۆ کوردە | %٢٩ | %١٤ |

خشتەی ژمارە (١)

وەک دەبینین ڕێژەی کار زیاترە لە ڕێژەی ئاوەڵناو، واتە ڕێژەی (VAR) بەرزبۆتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پلەی ئەدەبی شێوازی شیعری هێرۆ کوردە بەرزە، شیعرەکان هەڵچونی زۆرە و ورژان و جوڵەی دەروونی شاعیر پیشان دەدات، کە بەپێی هاوکێشەی بوزیمان هێزی شیعرییەتی بەرزبۆتەوە، یەکێ لە هۆکارەکانی بەرزبونەوەی ئەم ڕێژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە شیعری هاوچەرخ و نوێدا دێڕە شیعرەکان لە ڕووی واتاوە لە یەکتری داناپچڕێن و زۆرجار شیعرەکە لەسەرەتاوە تا کۆتایی وەک ڕستەیەکی درێژی لێدێت، کورتی و درێژی دەربڕینیش کار دەکاتە سەر ڕێژەکە، چونکە (کە قسە خێراتر دەکرێت، ئاوەڵناو کەمتر بەکاردەهێندرێت)(هیمداد حوسێن، ٢٠١٠: ٤٩٠).

هەروەها بابەتی شیعریش پەیوەندی بە بەرزبونەوە و نزمبونەوەی ئەم ڕێژەیەوە هەیە، چونکە (بابەت کاریگەری بەسەر (VAR)ەوە هەیە، تەنانەت ئەگەر لە شێوازی یەک نوسەریشدا بێت)( هیمداد حوسێن، ٢٠١٠: ٤٩٠ – ٤٩٢)، بەگشتی شاعیر لە شیعرەکانیدا گوزارشت لە خودی خۆی و باری دەروونی خۆی و خەم و خەیاڵ و ئازارەکانی خۆی دەکات، بۆیە ڕادەی هەڵچونی زیاتر دەبێت و کار زیاتر بەکاردەهێنێت و ڕێژەی (VAR) لە شیعرەکانیدا بەرزدەبێتەوە.

کەواتە دەکرێت بونی پلەی شیعرییەت و بەرزبونەوەی ڕێژەی (VAR) لە نامیلکەشیعری (دەنووسم یوسف)ی (هێرۆ کوردەدا) بۆ چەند هۆکارێک بگەڕێنینەوە، ئەوانیش:

١. تەمەنی شاعیر کاریگەری لەسەر بەرزی و نزمی ڕێژەی (VAR) هەیە، هەتا تەمەنی شاعیر لاوتر بێت، هەڵچونی زیاتر دەبێت و کار زیاتر بەکاردەهێنێت و ڕێژەی (VAR) بەرزدەبێتەوە، لەبەرئەوەی تەمەنی (هێرۆ کوردە) لە کاتی نوسینی ئەم شیعرانەدا لە نێوان (٢٢ – ٢٤) ساڵیدا بووە، واتە تەمەنی لاوی بووە بۆیە ڕێژەکە لە لای ئەم بەرزبۆتەوە.

٢. ڕەگەزی شاعیریش کاریگەری لەسەر بەرزی و نزمی ڕێژەی (VAR) هەیە، چونکە ئەم ڕێژەیە لە لای پیاوان نزمدەبێتەوە و لە لای ژنان بەرزدەبێتەوە، کەواتە لە لای (هێرۆ کوردە)دا کە شاعیرێکی ژنە ئەم ڕێژەیە بەرزدەبێتەوە.

٣. هەروەها کورتی و درێژی دێڕە شیعرەکان کاریگەری لەسەر ڕێژەی (VAR) هەیە، کە زۆربەی دێڕە شیعرەکانی شاعیر کورتن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ڕێژەکە.


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

هەروەها ئێمە هاتوین لە شعرەکانی (هێرۆ کوردە)دا کارمان لە ڕووی پێکهاتنەوە دابەشکردووە، کە لە کۆی گشتی (٤٣٩) کاری بەکارهاتوو، (٢٨٧) کار سادەیە و (١٨) کار داڕێژراوە و (١٣٤) کار لێکدراوە، هەروەکو لە خشتەی ژمارە (٢) دا خراوەتە ڕوو:

ڕێژەی کار لەڕووی پێکهاتنەوە لە شیعرەکانی (هێرۆ کوردە)دا.




خشتەی ژمارە (٢)

هەروەها لە شعرەکانی (هێرۆ کوردە)دا کارمان لە ڕووی کاتەوە دابەشکردووە، کە لە کۆی گشتی (٤٣٩) کاری بەکارهاتوو، (٣٠٥) کار ڕانەبردووە و (١٣٤) کار ڕابردووە، هەروەکو لە خشتەی ژمارە (٣) دا خراوەتە ڕوو:

ڕێژەی کار لەڕووی کاتەوە لە شیعرەکانی (هێرۆ کوردە)دا.




خشتەی ژمارە (٣)

هەروەها لە شعرەکانی (هێرۆ کوردە)دا ئاوەڵناومان لە ڕووی پێکهاتنەوە دابەشکردووە، کە لە کۆی گشتی (٢١٧) ئاوەڵناوی بەکارهاتوو، (١٤٣) ئاوەڵناو سادەیە و (٦٤) ئاوەلناو دارێژراوە و (١٠) ئاوەڵناو لێکدراوە، هەروەکو لە خشتەی ژمارە (٤) دا خراوەتە ڕوو:


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ڕێژەی ئاوەڵناو لەڕووی پێکهاتنەوە لە شیعرەکانی (هێرۆ کوردە)دا.




خشتەی ژمارە (٤)

## ٢ – ٣: پێوانی شیعرەکانی فروغی فروخزاد بەپێی هاوکێشەی بوزیمان:

ئێمە بۆ دیاریکردنی ڕێژەی (VAR) لە شیعرەکانی (فروغ فروخزاد)[٢]دا، چەند شیعرێکمان لە کۆمەڵە شیعری (ایمان بیاوریم به اغاز فصل سرد)مان وەرگرتووە، کە نزیکەی (١٥٠٠) وشەیە

(٢) فروغ فروخزاد(شاعیری دیاری شیعری فارسی، سیناریۆنووس، دەرهێنەری سینەمایی و هونەرمەندی شێوەکار) لە شاری تەفرەشی ئێران لە ڕۆژی ( ١٥ / ١ / ١٣١٣) کۆچی هەتاوی بەرامبەر ( ١٥ /١/ ١٩٣٥ ) میلادی (زایینی) لە دایک بووە,, باوکی فروغ ( سەرهەنگ محەمەدی فەرووخزاد ) سەرباز بووە ، شاعیر تا قۆناغی ٩ی ناوەندی خوێندووە، لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا لەگەڵ پەروێز شاپور ژیانی هاوسەری پێکهێناوە، لە دوای پرۆسەی هاوسەرگیری دەست بە خوێندن دەکاتەوە لە بواری وێنەکێشانداو بەوهۆیەوە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا ڕوو لە شاری ئەهواز دەکەن، دوای ساڵێک لە ژیانی هاوسەرگیری بووەتە خاوەنی کوڕێک بە ناوی (کامیار)، دوای دوو ساڵ پێکەوە بوون لەگەڵ پەروێز کۆتایی بە ژیانی هاوسەرگیریان دەهێنن .لە دوای جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی، لەلایەکەوە پەروەردەکردنی کوڕەکەی دەکەوێتە ئەستۆی پەروێز شاپور، ئەم دوورییەش لە کوڕەکەی دەبێتە هۆی قوڵبوونەوەی فروغ لە بواری نوسین و شیعردا. لەلایەکی تریشەوە سەرنجی فروغ بۆ لای هەڵسوکەت و تێڕوانینی کۆمەڵگا ڕادەکێشرێت کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ژنێکی جیابووەوە لە هاوسەرەکەی دەکەن، ئەمەش لە شیعرو کارە هونەرییەکانی فروغدا ڕەنگدەداتەوە. لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا لە ڕۆژی دووشەممە ( ٢٤ /١١/ ١٣٤٥ ) کۆچی هەتاوی بەرامبەر ( ١٣ / ٢ / ١٩٦٧ ) میلادی ( زاینی ) کاتژمێر ٣ ی پاش نیوەڕۆ لە ڕێگادا کە بەرەو ستۆدیۆ دەچوو لەگەڵ خزمەتکارەکەی لەبەر ئەوەی خۆی نەکێشی بە سەیارەی قوتابخانەیەک کە پڕبوو لە منداڵی جوان خۆی لا دەدا و لەگەڵ سەیارەیەکی تری بەرامبەریدا پێکدا دەکێشن تا دەگاتە نەخۆشخانە بە هۆی زۆری برینەکەیەوە بۆ یەکجاری ماڵئاوایی لە ژیان دەکات...


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

لە ساڵی (١٩٦٤)دا لە دوای گیانلەدەستدانی شاعیر بڵاوکراوەتەوە، لە کاتی پێوانەکردنی شیعرەکانی (فروغ فروخزاد) بەپێی هاوکێشەی بوزیمان، ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو (VAR) بەم شێوەیەی خوارەوە دەرکەوت:

ژمارەی کار لە شیعرەکانی (فروغ فروخزاد)دا: ٢٢٠

ژمارەی ئاوەڵناو لە شیعرەکانی (فروغ فروخزاد)دا: ١١٠

$$\text{ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو(VAR)} = \frac{\text{ژمارەی کارەکان}}{\text{ژمارەی ئاوەڵناوەکان}}$$

$$\text{ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو(VAR)} = \frac{٢٢٠}{١١٠}$$

ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو(VAR) = ٢

دەتوانین ئەنجامی ئامارەکە لەم خشتەی خوارەوەدا بخەینەڕوو:

| شاعیر | ڕێژەی بەکارهێنانی کار | ڕێژەی بەکارهێنانی ئاوەڵناو |
|---|---|---|
| فروغ فروخزاد | %١٤ | %٧ |

خشتەی ژمارە (٥)

وەک دەبینین ڕێژەی کار زیاترە لە ڕێژەی ئاوەڵناو، واتە ڕێژەی (VAR) بەرزبۆتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پلەی ئەدەبی شێوازی شیعری فروغ فروخزاد بەرزە، شیعرەکان هەڵچونی زۆرە و ورژان و جوڵەی دەروونی شاعیر پیشان دەدات، کە بەپێی هاوکێشەی بوزیمان هێزی شیعرییەتی بەرزبۆتەوە، یەکێ لە هۆکارەکانی بەرزبونەوەی ئەم ڕێژەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە شیعری هاوچەرخ و نوێدا دێڕە شیعرەکان لە ڕووی واتاوە لە یەکتری داناپچڕێن و زۆرجار شیعرەکە لەسەرەتاوە تا کۆتایی وەک ڕستەیەکی درێژی لێدێت، کورتی و درێژی دەربڕینیش کار دەکاتە سەر ڕێژەکە، چونکە (کە قسە خێراتر دەکرێت، ئاوەڵناو کەمتر بەکاردەهێندرێت)(هیمداد حوسێن، ٢٠١٠: ٤٩٠).

هەروەها بابەتی شیعریش پەیوەندی بە بەرزبونەوە و نزمبونەوەی ئەم ڕێژەیەوە هەیە، چونکە (بابەت کاریگەری بەسەر (VAR)ەوە هەیە، تەنانەت ئەگەر لە شێوازی یەک نوسەریشدا بێت)(هیمداد حوسێن، ٢٠١٠: ٤٩٠ – ٤٩٢)، بەگشتی شاعیر لە شیعرەکانیدا گوزارشت لە خودی

**بەرهەمەکانی شاعیر**

، ئەم کۆمەڵە

شیعرە خۆی لە نائومێدی و پەشیمانیدا دەبینێتەوە.

کۆمەڵە شیعری (دیوار) لە ساڵی ١٩٥٦ لە ٢٥ قەسیدە شیعری پێکهاتووە.

کۆمەڵە شیعری (یاخیبوون) لە ساڵی ١٩٥٧ لە ١٧ قەسیدە شیعری پێکهاتووە.

کۆمەڵە شیعری (لەدایکبوونێکی دیکە) لە ساڵی ١٩٦٢ لە ٣٥ قەسیدە شیعری پێکهاتووە.

کۆمەڵە شیعری (باوەڕهێنان بە هاتنی وەرزی سارد) لە ساڵی ١٩٦٤ لە ٧ قەسیدە شیعری پێکهاتووەو دوای گیانلەدەستدانی شاعیر بڵاوکراوەتەوە.(ناصح قەرەداغی، ٢٠٠١: ٨-٢٠).


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

خۆی و باری دەروونی خۆی و خەم و خەیاڵ و ئازارەکانی خۆی دەکات، بۆیە ڕادەی هەڵچونی زیاتر دەبێت و کار زیاتر بەکاردەهێنێت و ڕێژەی (VAR) لە شیعرەکانیدا بەرزدەبێتەوە.

کەواتە دەکرێت بونی پلەی شیعرییەت و بەرزبونەوەی ڕێژەی (VAR) لە کۆمەڵەشیعری (ایمان بیاوریم به اغاز فصل سرد)ی (فروغ فروخزاد) بۆ چەند هۆکارێک بگەڕێنینەوە، ئەوانیش:

١. تەمەنی شاعیر کاریگەری لەسەر بەرزی و نزمی ڕێژەی (VAR) هەیە، هەتا تەمەنی شاعیر لاوتر بێت، هەڵچونی زیاتر دەبێت و کار زیاتر بەکاردەهێنێت و ڕێژەی (VAR) بەرزدەبێتەوە، لەبەرئەوەی تەمەنی (فروغ فروخزاد) لە کاتی نوسینی ئەم شیعرانەدا لە نێوان (٢٨ - ٣٠)ساڵیدا بووە، واتە تەمەنی لاوی بووە بۆیە ڕێژەکە لە لای ئەم بەرزبۆتەوە.

٢. ڕەگەزی شاعیریش کاریگەری لەسەر بەرزی و نزمی ڕێژەی (VAR) هەیە، چونکە ئەم ڕێژەیە لە لای پیاوان نزمدەبێتەوە و لە لای ژنان بەرزدەبێتەوە، کەواتە لە لای (فروغ فروخزاد)دا کە شاعیرێکی ژنە ئەم ڕێژەیە بەرزدەبێتەوە.

٣. هەروەها کورتی و درێژی دێڕە شیعرەکان کاریگەری لەسەر ڕێژەی (VAR) هەیە، کە زۆربەی دێڕە شیعرەکانی شاعیر کورتن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ڕێژەکە.

هەروەها ئێمە هاتوین لە شعرەکانی (فروغ فروخزاد)دا کارمان لە ڕووی پێکهاتنەوە دابەشکردووە، کە لە کۆی گشتی (٢٢٠) کاری بەکارهاتوو، (١٤٥) کار سادەیە و (٧٥) کار لێکدراوە، هەروەکو لە خشتەی ژمارە (٦) دا خراوەتە ڕوو:

ڕێژەی کار لەڕووی پێکهاتنەوە لە شیعرەکانی (فروغ فروخزاد)دا.




خشتەی ژمارە (٦)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەروەها لە شعرەكانی (فروغ فروخزاد)دا كارمان لە ڕووی كاتەوە دابەشكردووە، كە لە كۆی گشتی (٢٢٠) كاری بەكارهاتوو، (١٢٢) كار ڕانەبردووە و (٩٨) كار ڕابردووە، هەروەكو لە خشتەی ژمارە (٧) دا خراوەتە ڕوو:

ڕێژەی كار لەڕووی كاتەوە لە شیعرەكانی (فروغ فروخزاد)دا.




خشتەی ژمارە (٧)

هەروەها لە شعرەكانی (فروغ فروخزاد)دا ئاوەڵناومان لە ڕووی پێكهاتنەوە دابەشكردووە، كە لە كۆی گشتی (١١٠) ئاوەڵناوی بەكارهاتوو، (٧٥) ئاوەڵناو سادەیە و (٢٥) ئاوەلناو داڕێژراوە و (٤) ئاوەڵناو درێژراوولێكدراوە و (٦) ئاوەڵناو لێكدراوە، هەروەكو لە خشتەی ژمارە (٨) دا خراوەتە ڕوو:

ئاوەڵناو لەڕووی پێكهاتنەوە لە شیعرەكانی (فروغ فروخزاد)دا.




خشتەی ژمارە (٨)

لە دوای ئەوەی كە ڕێژەی (VAR)مان لە لای هەردوو شاعیر دیاریكرد و زانیمان كە ڕێژەی كار زیاترە لە ڕێژەی ئاوەڵناو، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەبۆكردنە لە كۆی ئەو (١٥٠٠)


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

وشەیەی کە لە شیعری شاعیرانی ناوبراو وەرمانگرتووە، دەبینین ڕێژەی کار و ئاوەڵناو لە شیعرەکانی هێرۆ کوردەدا زیاترە و لە بەرامبەردا لە شیعرەکانی فروغی فروخزاددا ڕێژەی کار و ئاوەڵناو کەمترە، چونکە هەروەکو لەپێشوتر ئاماژەمان پێدا هێرۆ کوردە لە تەمەنی (٢٢- ٢٤) ساڵی شیعرەکانی نوسیووە، بەڵام فروغی فروخزاد لە تەمەنی (٢٨ - ٣٠) ساڵی شیعرەکانی نوسیووە، واتە هێرۆ کوردە لاوتر بووە، بۆیە دەبینین ڕێژەی (VAR) لە لای ئەو بەرزترە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پلەی شیعرییەتی شیعرەکانی هێرۆ کوردە زیاترە لە پلەی شیعرییەتی شیعرەکانی فروغی فروخزاددا، هەروەها دەکرێت ئەوەش بگوترێ، لەبەرئەوەی لەم چەند پارچە شیعرەی کە وەرمان گرتووە لە فروغی فروخزاد ڕێژەی (VAR) نزمە، بۆیە بە دەقی پەخشانی دادەنرێت، بەڵام لەم چەند پارچە شیعرەی لە وەرمان گرتووە لە هێرۆ کوردە ڕێژەی (VAR) بەرزترە، بۆیە بە دەقی شیعری دادەنرێت.

## ٢ – ٤: ئاماژەکردن بە ئاوەڵناو و کار لە چەند نمونەیەکی شیعری لەشیعرەکانی (فروغی فروخزاد) و (هێرۆ کوردە)دا:

لەو چەند دێرە شعرەی خوارەوە دەست نیشانی هەندێک لە ئاوەڵناو و کارمان  لە شعرەکانی (فروغی فروخزاد)دا کردووە.

| **ایمان بیاوریم به اغاز فصل سرد** | **باوەربهێنین بە سەرەتای وەرزێکی سارد** |
|---|---|
| و این منم | ئەمەش منم |
| زنی **تنها** | ژنی تەنیا |
| در آستانه فصلی **سرد** | لە بەردەم وەرزێکی سارد |
| در ابتدای درک هستی **آلوده** ی زمین | لە سەرەتای پەیبردن بە بوونی ئالودەی زەوی |
| و یأس **ساده** و **غمناک** اسمان | و نائومێدی سادە و خەمناکی ئاسمان |
| و ناتوانی این دستهای **سیمانی** | و بێتوانایی ئەم دەستە چیمەنتۆییانە |
| **زمان گذشت** | زەمەن ڕۆیی |
| ای یار ، ای **یگانەترین** یار | ئەی یار، ئەی تاقانەترین یار |
| چه ابرهای **سیاهی** در انتظار روز **میهمانی** خورشیدند | چ گەواڵە هەورێکی ڕەش چاوەڕوانی ڕۆژی میوانداری خۆرن |
| انگار در مسیری از تجسم **پرواز بود** که یک روز آن پرنده ها **نمایان شدند** | ئەڵێی لە ڕێی بەرجەستەبوونی فڕیندا بوو کە ڕۆژێ ئەو مەلە پەیدابوو |
| انگار از خطوط **سبز تخیل بودند** | ئەڵێی لە هێڵەکانی سەوزی خەیاڵ بوون |


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

| | |
|---|---|
| آن برگ های **تازه** که در شهوت نسیم **نفس** میزدند | ئەو گەڵا تازانەی کە لە شەهوەتی نەسیما هەناسەیان ئەدا |
| انگار | ئەڵێی |
| آن شعلەهای **بنفش** که در ذهن **پاک** پنجره ها **میسوخت** | ئەو گڕە وەنەوشەییەیە کە لە زەینی پاکی پەنجەرەکانا ئەسوتا |
| چیز بجز تصور **معصومی** از چراغ **نبود** | شتێ نەبوو جگە لە وێناکردنێکی پاکیزەی چرا |
| چرا **نگاه نکردم** ؟ | بۆ نەمڕوانی؟ |
| تمام لحظه های سعادت **میدانستند** | تەواوی ساتەکانی بەختەوەری ئەیانزانی |
| که دستهای تو ویران **خواهد شد** | کە دەستاکانی تۆ وێران ئەبن |
| و من **نگاه نکردم** | و منیش نەمڕوانی |
| تا آن زمان که پنجرەی ساعت | تا ئەو دەمەی سەعاتەکە |
| **گشوده** شد و آن قناری **غمگین** چهار بار **نواخت** | کرایەوە و ئەو کەنارییە غەمگینە چوار جار خوێندی |
| چهار بار **نواخت** | چوار جار خوێندی |
| و من به ان زن **کوچک** بر **خوردم** | و منیش توشی ئەو ژنە بچکۆڵیە بووم |
| که چشمهایش ، مانند لانه های خالی سیمرغان **بودند** | لە چاوانی لە هێلانەی چۆڵی سیمرغەکان ئەچوون |
| و آنچنان که در تحرک رانهایش **میرفت** | و هەروەکو بە جوڵەی ڕانەکانیشیا دەرئەکەوت |
| **گویی** بکارت رؤیای پرشکوه مرا | ئەتوت کچێنی خەونی پڕشکۆی منی |
| با خود بسوی بستر **میبرد** | لەگەڵ خۆیدا ئەبرد بۆ پێخەفی شەو |
| آیا دوباره گیسوانم را در باد شانه **خواهم زد** ؟ | ئایا دیسان پرچەکانم لەبەر بادا شانە دەکەم؟ |
| آیا دوباره باغچه ها را **بنفشه خواهم کاشت** ؟ | ئایا دیسان لە باخچەکانا وەنەوشە دەڕوێنم |
| و شمعدانی ها را | و گوڵە شەمدانییەکان |
| در آسمان پشت پنجره **خواهم گذاشت** ؟ | لە ئاسمانی پشتی پەنجەرەکەدا دادەنێم؟ |
| آیا دوباره روی لیوان ها **خواهم رقصید** ؟ | ئایا دیسان لەسەر بەرداخەکان سەما دەکەم؟ |

آیا دوباره زنگ در مرا بسوی انتظار صدا **خواهد برد** ؟ ئایا دیسان زەنگی دەرگا بەرەو چاوەڕوانی دەنگم دەبا؟

ایمان **بیاوریم** باوەربهێنین

ایمان **بیاوریم** به آغاز فصل **سرد** باوەربهێنین بە سەرەتای وەرزێکی سارد

ایمان **بیاوریم** به **ویرانه های** باغهای تخیل باوەڕبهینین بە وێرانی باخەکانی خەیاڵا

به داس های واژگون شده ی بیکار بە داسە هەڵگەڕاوە بێکارەکان

به دانه های **زندانی** بە تۆوە زیندانییەکان

**نگاه کن** که چه برفی **می بارد** بڕوانە چ بەفرێ ئەبارێ

شاید حقیقت آن دو دست جوان بود ، آن دو دست جوان ئەشێ حقیقەت ئەو دوو دەستە لاوە بووبێت

که زیر بارش یک ریز برف **مدفون شد** کە لەژێر بارینی یەکبینەی بەفرێکا نێژران

و سال دیگر ، وقتی بهار و ساڵێکی تر، کاتی بەهار

با آسمان پشت پنجره همخوابه **می شود** لەگەڵ ئاسمانی ئەودیو پەنجەرەکەدا ئەخەوێ

و در تنش **فوران می کنند** و فوارە سەوزەکانی لاسکە سوکەکان

فواره های **سبز** ساقه های سبکبار لە جەستەیدا هەڵئەقوڵین

شکوفه **خواهد داد** ای یار، ای **یگانه ترین** یار شکۆفە ئەکەن ئەی یار، ئەی تاقانەترین یار

ایمان **بیاوریم** به آغاز فصل سرد...( **عبدالرضا جعفری**،١٣٨٤: ٢٥٥-٢٧٠) باوەربهێنین بە سەرەتای وەرزێکی سارد

## بعد از تو          دوای تۆ

ای هفت سالگی ئەی حەوت ساڵی

ای لحظه‌های شگفت عزیمت ئەی ساتی سەیری سەفەر

بعد از تو هرچه **رفت**، در انبوهی از جنون و جهالت **رفت** دوای تۆ هەرچییەک ڕۆی، لە تۆپەڵی شێتی و نەزانینا ڕۆی

بعد از تو پنجره که رابطه‌ای بود **سخت زنده و روشن** دوای تۆ پەنجەرەکە پەیوەندییەکی تەواو زیندو و ڕۆشن بوو

میان ما و پرنده لە نێوان ئێمە و باڵندەدا

میان ما و نسیم لە نێوان ئێمە و نەسیما

**شکست** شکا

**شکست** شکا


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**شکست** شکا

بعد از تو آن عروسک **خاکی** دوای تۆ ئەو بوکەشوشە خاکییەی

که هیچ چیز **نمی‌گفت**، هیچ چیز بجز آب، آب، آب که هیچی نەئەوت، هیچ جگە لە ئاو، ئاو، ئاو

در آب **غرق شد**. لە ئاودا خنکا

بعد از تو ما صدای زنجره‌ها را **کشتیم** دوای تۆ ئێمە دەنگی زیکزیکەکانمان کوشت

و به صدای زنگ، که از روی حرف‌های الفبا **بر می‌خاست** و بە دەنگی زەنگ دا، کە لە پیتەکانی ئەلفوبێوە بەرزئەبۆوە

و به صدای سوت کارخانه‌های اسلحه سازی، **دل بستیم**. و بە دەنگی شوتی کارگەکانی چەکسازی

بعد از تو که جای بازیمان زیر میز **بود** دوای تۆ کە شوێنی یاریمان ژێر مێزەکان بوو

از زیر میزها لە ژێر مێزەکانەوە

به پشت‌ها میزها بۆ پشت مێزەکان

و از پشت میزها و لە پشت مێزەکانیشەوە

به روی میزها **رسیدیم** گەیشتینە سەر مێزەکان

و روی میزها **بازی کردیم** و لەسەر مێزەکانیش یاریمان کرد

و **باختیم**، رنگ ترا **باختیم**، ای هفت سالگی و دۆڕاین، ڕەنگی تۆمان دۆڕاند، ئەی حەوت ساڵی

بعد از تو ما به هم **خیانت کردیم** دوای تۆ ئێمە خیانەتمان لەیەک کرد

بعد از تو ما تمام یادگاری‌ها را دوای تۆ ئێمە تەواوی یادگارییەکانمان

با تکه‌های سرب، و با قطره‌های منفجر شده خون بە پارچە قورقوشم، بە دڵۆپە تەقیوەکانی خوێن

از گیجگاه‌های گچ **گرفته** دیوارهای کوچه **زدودیم**. لەسەر لاجانگە گەچاوییەکانی دیوارەکانی کۆڵان سڕییەوە

بعد از تو ما به میدان‌ها **رفتیم** دوای تۆ ئێمە چوینە مەیدانەکان

و **داد کشیدیم**: و هاوارمان کرد:

"**زنده** باد " بژی

**مرده** باد" بمری"(**عبدالرضا جعفری**، ١٣٨٤: ٢٧١-٢٧٣)


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

| **پنجره** | **پەنجەرە** |
| --- | --- |
| یک پنجره برای من کافیست | یەک پەنجەرە بۆ من بەسە |
| یک پنجره به لحظه آگاهی و نگاه و سکوت | یەک پەنجەرە بۆ ساتی هۆشیاری و ڕوانین و بێدەنگی |
| اکنون نهال گردو | ئێستا نەمامی گوێزەکە |
| آنقدر **قد کشیده** که دیوار را برای برگ‌های جوانش | هێندە باڵای کردووە کە مانای دیوارەکە بۆ گەڵا لاوەکانی |
| معنی کند | لێکبداتەوە |
| از آینه **بپرس** | لە ئاوێنە بپرسە |
| نام **نجات دهنده ات** را | ناوی فریادڕەست |
| آیا زمین که زیر پای تو **می‌لرزد** | ئایا زەوی کە لەژێر پێتا ئەلەرزێ |
| **تنهاتر** از تو نیست؟ | لە تۆ تەنیاتر نییە؟ |
| پیغمبران، رسالت ویرانی را | پێغەمبەرەکان لەگەڵ خۆیانا |
| با خود به قرن ما **آوردند** | پەیامی وێرانیان بۆ ئەم سەدەیەمان هێنا |
| این انفجارهای پیاپی، | ئەم تەقینەوە پەیدەرپەیانە، |
| و ابرهای **مسموم**، | و ئەم هەورە ژەهراوییانە |
| آیا طنین آیه‌های **مقدس** هستند؟(**عبدالرضا جعفری**، ١٣٨٤: ٢٧٥-٢٧٧) | ئایا زرنگانەوەی ئایەتە پیرۆزەکانن؟ |

لەو چەند دێرە شعرەی خوارەوە دەست نیشانی هەندێک لە ئاوەڵناو و کارمان  لە شعرەکانی (هێرۆ کوردە)دا کردووە.

## ڕووتبوونەوە

لە دەرەوەی **ئەم** گۆشەیەی لێی **دانیشتووم**
**یەک یەک**
جلەکانی سەرەوە و ژێرەوەم
**دادەکەنم**
خەیاڵەکانت **دەپۆشم**،
**ڕووتتر دەبمەوە**
لە دەرەوەی **ئەم** بەرگە **ڕوونەوە**

وەک **درۆ دەبریسکێمەوە**
لە پشتی **ئەم دوو** دێڕەوە
**بەڕووتی دەچمە**
دەرەوە
دەرەوەی ماڵ نا
دەرەوەی خۆم
هەر **بەڕووتی**
لە تۆڕا
**دێمە** ژوورەوە
ئەز و تۆ
هیچمان بۆ **گوتن نییە هەڵاتن نەبێت**
هیچمان بۆ **پۆشین نییە ڕووتبوونەوە نەبێت**
لە پشتی **ئەم ڕووتییەوە**
وەک ئاو **تەلخ** و **ڕوونم** وەک تەم
تۆ و ئەز
هیچمان بۆ **دڵدانەوەی** یەکتر **نییە**
**ئەم درۆ ڕووتانە نەبێت**

دیسان خۆم **ڕووت ڕووت دەکەمەوە**
دڵی **تەنگی** سروشت
بەم **ڕووتییە بێ لەززەتە دەدەمەوە**
**ئەو** نوێژەی لە عانی **ڕووتبوونەوە دامبەست**
وەک تاعوون **پێمەوە لکاوە**
خەریکە **دەمپۆشێتەوە**
دوای **ئەم ڕووتبوونەوەیە**
تای **هەڵاتن دەمگرێت**
**دەست** بۆ کیلۆنی دەرگەکە **دەبەم**
**ناکرێتەوە**
**یەک یەک**
جلە **ژەهراوییەکانم دەپۆشمەوە**
تا دەرگەیەک بۆ **هەڵاتن** و
پەنجەرەیەک
بۆ **ڕووتکردنەوەی** خەیاڵەکانم


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**بکەمەوە**
بۆنی جگەرەکەت **گەیشتە** بەر لووتم
**وا ڕووت دەبمەوە**
لە دەرەوەی **ئەم درۆ کچانەیەوە**
وەک خۆم **درۆزن**
وەک تۆ بە جلەکانمەوە **دەسوڕێنەوە**
وەک دونیا **بێ لەززەت**
وەک خۆم **ترسنۆک**
بە دەوری خۆمدا **دەخولێمەوە** (هێرۆ کوردە، ٢٠١٣: ٣٧ - ٤٢)

**پیاسە**

**بەقورسی دەڕوات**
ڕانەکانی **پانتر بوونە**
**دوو** دڵ لە **یەک** جەستەدا
کراسەکانی **کورت بوونەتەوە**
**بیر** لە ناوێک **دەکاتەوە**
پێڵاوێکی **زۆر گچکە سەرنجی دەبات**(هێرۆ کوردە، ٢٠١٣: ٥٥ - ٥٨)

**بێ سەر**

سەرم لە لەشم **جودا دەکەمەوە**
**ئەم** کەللەسەرە **پووتە**
وەک تۆپێکی **فشەڵ**
لەم دەست بۆ **ئەو** دەستی **ڕەوان دەکەم**
**ئەم** کەللەسەرە بەهیچ **پڕبووە**
لەسەر زەوی **غلۆر دەکەمەوە**
**بێ سەرم** ئێستا
**سەلارتر** بە کۆڵاندا **دەڕۆم**
**باشتر** ڕێیەکان **دەدۆزمەوە**
**بێ سەر**
**باشتر بیر** لە سەر **دەکەمەوە**
جەستەیەکی **سووک** وەک سێبەر
لە دووی خۆم **کێش دەکەم**
کچێک **بێ نەریت**
کچێک **بێ ئایین**
**بێ سەر**


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

**باشتر**
**زۆر باشتر**
لەناو خۆمدا
**کەنار دەگرم**(هێرۆ کوردە، ٢٠١٣: ٥٩ – ٦٢)

**شەترەنج**

دایە! پاشا **ڕێ بگرێت** و تۆ **نەیجوڵێنیت** و گۆڕیش
**تاریکە** و من **دەترسم** و دەستت **کۆنە**
کەواتە من چ **بکەم** کە تۆ پاشا **ناجووڵێنیت** لەسەر
ڕێیەکەم و خوێنی پێم **دەبزوێت** دایە!
گۆڕیش **تاریکتر دەبێت** کە من **بیر** لە **تاریکییەکەی**
**دەکەمەوە** لە **تاریکیدا**
شاعیرێک منی **خۆشدەوێ**، من **ڕێم داوە**
شێوەکارێک جەستەم **بخوات** بەر لەوەی **بڵێت**
"کەموکوڕییەکانی جەستەت **پڕ دەکەمەوە** لە
تابلۆیەکدا" و من لە پێکەنیندا ژنەکەی **خەبەر**
**بکەمەوە**(هێرۆ کوردە، ٢٠١٣: ٦٧ – ٧٢)

## ئەنجام

گرینگترین ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەمانەن:

١. ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماری یەکێکە لە ڕێبازەکانی شیکردنەوەی شێواز، کە لە ڕێگەی زانستی ئامارەوە جێبەجێ دەکرێت، ڕۆڵی هەیە لە خستنەڕووی شێوازی دەقەکاندا، بەوەی کە دەتوانێت شێوازی زانستی لە شێوازی ئەدەبی و شێوازی شیعری لە شێوازی پەخشان جیابکاتەوە.

٢. ئەوەی زۆر پێویستە بۆ شیکردنەوەی شێواز بەپێی ڕێبازی شیکردنەوەی ئاماری جەختی لەسەر بکرێتەوە، ئاستەکانی شیکردنەوەی زمانەوانییە.

٣. لە کاتی پێوانەکردنی شیعرەکانی (هێرۆ کوردە) بەپێی هاوکێشەی بوزیمان، لە کۆی (١٥٠٠) وشە، ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو (VAR) بەم شێوەیە دەرکەوت، ژمارەی کار لە شیعرەکانی (هێرۆ کوردە)دا(٤٣٩) کارن و ژمارەی ئاوەڵناو لە شیعرەکانی (هێرۆ کوردە)دا (٢١٧) ئاوەڵناون، کە ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو(VAR) دەکاتە (٢،٠٢) و ڕێژەکە بەرزدەبێتەوە، کە ئەمەش شیعرییەتی دەقەکان دەسەلمێنێت.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

٤. لە کاتی پێوانەکردنی شیعرەکانی (فروغ فروخزاد) بەپێی هاوکێشەی بوزیمان، لە کۆی (١٥٠٠) وشە، ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو (VAR) بەم شێوەیە دەرکەوت،ژمارەی کار لە شیعرەکانی (فروغ فروخزاد)دا (٢٢٠) کارن و ژمارەی ئاوەڵناو لە شیعرەکانی (فروغ فروخزاد)دا (١١٠) ئاوەڵناون، کە ڕێژەی کار بۆ ئاوەڵناو(VAR) دەکاتە (٢) و ڕێژەکە بەرزدەبێتەوە، کە ئەمەش شیعرییەتی دەقەکان دەسەلمێنێت.

٥. ئەوەی جێگای ئاماژەبۆکردنە لە کۆی ئەو (١٥٠٠) وشەیەی کە لە شیعری شاعیرانی ناوبراو وەرمانگرتووە، گەیشتینە ئەم ئەنجامەی کە ڕێژەی کار و ئاوەڵناو لە شیعرەکانی هێرۆ کوردەدا زیاترە و لە بەرامبەردا لە شیعرەکانی فروغی فروخزاددا ڕێژەی کار و ئاوەڵناو کەمترە، چونکە هەروەکو لەپێشوتر ئاماژەمان پێدا هێرۆ کوردە لە تەمەنی (٢٢- ٢٤)ساڵی شیعرەکانی نوسیووە، بەڵام فروغی فروخزاد لە تەمەنی (٢٨ - ٣٠) ساڵی شیعرەکانی نوسیووە، واتە هێرۆ کوردە لاوتر بووە، بۆیە دەبینین ڕێژەی (VAR) لە لای ئەو بەرزترە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پلەی شیعرییەتی شیعرەکانی هێرۆ کوردە زیاترە لە پلەی شیعرییەتی شیعرەکانی فروغی فروخزاددا.

## سەرچاوەکان بەزمانی کوردی

١. ئیدریس عەبدوڵڵا ٢٠١٠، شێواز و شێوازگەری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٢. پەخشان عەلی ئەحمەد ٢٠٠٩، شێوازی شیعری گۆران ، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٣. پەرێز سابیر ٢٠٠٦، ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و مەسەلەکانی نوێکردنەوەی شیعر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٤. حوسێن مەحمود عەلی ٢٠٠٨، شێواز لە هۆنراوەکانی فەرهاد شاکەلی، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی کۆیە، کۆیە.

٥. خانزاد عەلی قادر ٢٠٠٤، زمانی شعرەکانی حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزا، نامەی دکتۆرا، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٦. ژوان عەبدولسەلام عەزیز گەردی ٢٠١٤، شێواز لە شعرەکانی کامەڕان موکری لەژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی "فیلۆلۆجی لیوشپیتزەر"دا، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

٧. سافیە محەمەد ئەحمەد ٢٠١٣، لادان لە شیعری نوێخوازی کوردیدا(١٩٨٠ - ١٩٩١)، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆیی کۆیە، کۆیە.

٨. سەباح ڕەشید قادر و نەزیرە سابیر مستەفا ٢٠١٧، شێواز و ڕێبازەکانی شیکردنەوەی شێواز، گۆڤاری زانکۆی کۆیە(زانستەمرۆڤایەتییەکان)، کۆیە.
٩. شەعبان چالی ٢٠٠٨، شێوازی شیعری جزیری، چاپا ئێکێ، چاپخانا حەجی هاشم، هەولێر.
١٠. عەبدولسەلام نەجمەدین عەبدوڵڵا ٢٠٠٧، شیکردنەوەی دەقی شعری لە ڕووی زمانەوانییەوە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
١١. ناصح قەرەداغی ٢٠٠١، ئافرەتێکی تەنیا فروغی فروخزاد، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.
١٢. هێرۆ کوردە٢٠١٣، دەنووسم یوسف(شیعر)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.
١٣. هیمداد حوسێن ٢٠١٠،دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی، چاپخانەی باز، چاپی دووەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

## سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی

١٤. بیر جیرو١٩٩٤، الاسلوب والاسلوبیە، ت: منذر عیاشی، المرکز القومی، بیروت.
١٥. سعد مصلوح ١٩٩٢، الاسلوب، دراسە لغویە احصائیە، الطبعة الثالثة، عالم الکتب، القاهیرة.

## سەرچاوەکان بە زمانی فارسی

١٦. عبدالرضا جعفری ١٣٨٤، فروغ جاودانە، ، نشر تنویر، تهران.
١٧. محمود فتوحی ١٣٩١، سبکشناسی، انتشارت سخن ، تهران.

## چاوپێکەوتن:

١٨. چاوپێکەوتن لەگەڵ شاعیر: (هێرۆ کوردە)، لە بەرواری ١٨ / ٣ / ٢٠١٨، ڕۆژی یەکشەممە، کەرکوک.


e-ISSN (2522-7130)        p-ISSN (2410-1036)

# خلاصة البحث

(منهج التحليل الاحصائي على وفق معادلة بوزيمان في بعض أشعار  فروغي فروخزاد و هيرو كورده) ,لا يخفى ان هناك مناهج شتى في تحليل النصوص ومنها النصوص الادبية و الشعرية, ولكل منها اسس و مباديء و قواعد تتظافر في تحليل النصوص, وما يخص بحثنا هذا فالتحليل احصائي وهو احد المناهج التحليلية, للتعبير يتبع لغة الاحصاء ضمن المنهج الوصفي التحليلي لعرض اوجه التعبير في النصوص, بحيث يمكنه من التميز بين الاوجه العلمية البحتة والاوجه الادبية, كما يميز بين اوجه لغة الشعر و لغة النثر.

فاعتمد البحث كثيرا المنهج الوصفي التحليل الاحصائي, للنصوص الشعرية موضوع البحث, و تحديد اعداد الافعال و الاوصاف و يضم البحث محورين , اولهما: يبحث عن منهج التحليل الاحصائي واثر اللغة في منهج التحليل الاحصائي, كما ضمّ اثر الكلمة و التعبير على صورة لغة الشعر ,و ضمّ المحور الثاني الحديث عن مقاييس اشعار هيرو كورده و فروغي فروخزاد , موضوع البحث على وفق معادلة بوزيمان, اذ تناول (١٥٠٠) كلمة في شعرهما, ثم عرضت ايضا نسبة (VAR)  على وفق معادلة بوزيمان و بين البحث في هذا المحور سبب ارتفاع نسبة (VAR)  احيانا او انخفاضها احيانا اخرى, ثم اشير الى الاوصاف والافعال في نماذج من شعرهما, وتمت  الاشارة اخيرا الى نتائج البحث و ختم البحث بمصادر البحث و مراجعه و خلاصة اللغات العربية والكردية والانجليزية.


e-ISSN (2522-7130)          p-ISSN (2410-1036)

## Abstract

(The method of statistical analysis according to the Bozeman equation in some poems Frogy Frukhzad and Hero Kurde).

It is not secret that there are various methods in the analysis of texts, including literary and poetic texts, each of which has bases, principles and rules that combine in the analysis of texts, and in terms of our research. Statistical analysis, one of the analytical methods, to follow the language of statistics within the analytical descriptive approach to the presentation of expressions in Texts, so that it can distinguish between the purely scientific aspects and literary aspects, as distinguished between the facets of the language of poetry and prose language.

The research adopted a descriptive approach to the statistical analysis of the poetic texts in question, and to determine the number of verbs and descriptions. The research includes two axes. The first is looking for the method of statistical analysis and the impact of language in the statistical analysis method. The second axis of the talk about the standards of notification Frogy Frukhzad and Hero Kurde), the subject of research according to Bozeman equation, where he dealt (1500) words in their hair, and then presented the proportion of (VAR) according to Bozeman equation and between the research in this axis, VAR) sometimes, or sometimes lower, then refer to the descriptions and actions in the M models Their hair, and reference was made to search and finally seal search outsourcing search and review and summary of the Arabic, Kurdish and English results.


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)